# ژیان لە دوای کارەساتی ئەنفال :

دلێر کەریم
dlerkareem80@yahoo.co.uk



(ئەنفال ئەو تاوانە گەورەیەیە کە زۆربەمانی پیرکرد)، ئەمە ووتەی ئەو گەنجە بوو کە لەسەر دەمی پرۆسەی بەدناوی ئەنفالدا تەمەنی تەنها چەند ساڵێك بوو، پیربوون، بەبۆچوونی ئەو گەنجە پیربوونێکی دەروونییە نەك پیربوونێك کە لە ئەنجامی بەسەر چوونی تەمەنەوە یەخەت بگرێت، ئەنفال، ئەوەی برد بردی، ئەوەش کە بەرێکەوت یان بەهەر هۆیەك لەو مەرگەساتە ڕزگاری بوو، تووشی جۆرێکی تر لە نائومێدی بوو، ڕزگاربووان لەگەڵ ژیانێکدا بەریەککەوتن کە ئازارەکانی هیچی ئەوتۆی لەگەڵ ئازارەکانی ئەنفالدا کەمتر نەبوو، (بریا ببوایەم بەخۆراکی سەگە ڕەش و ئەمڕۆژەم نەبینیایەت)، ئەمەش ووتەی ئەو ژنە بوو کە کۆڵەمەرگیەکانی ژیان پشتیان چەماندبووەوە، (ڕژێمی بەعس ئەنفالی کردین، ڕژێمی بەعس هەموو سوکایەتییەکی پێ کردین، بەڵام ئەو ڕژێمە دوژمنمان بوو، ئەوەی ئەو ڕژێمە دڕندەیە بۆ پاشماوەکانی ئەنفال کردیان، حکومەتی کوردیش دوای چەندین ساڵ، ئەوەی بۆمان نەکردووە)، ڕامان و وردبوونەوە لەو ووتانەی سەرەوەو چەندین ووتەی تری لەو شێوەیە کە ڕۆژانە گوێمان لێی دەبێت، دنیایەکمان پیشان دەدات کە لێوانلێوە لە نا عەدالەتی و نایاسایی و چەوساندنەوەو نەهێشتنەوەی ڕێزوو خۆشەویستی بۆ مرۆڤ، ئەوە چ ڕێز گرتنێکە لە پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال، ئەوە چ خزمەت کردنێکە بەو پاشماوانەی ئەنفال و شەهیدانە، کە خۆزگە بخوازن ببوایەن بە خۆراکی سەگە ڕەش و جەلادەکانی بەعس، و پێشمەرگەو قارەمانی کوردیان نەبینیایە بەوشێوەیەی کە کەوتووەتە هەوڵی گیرفان پڕکردن و کۆکردنەوەی سەروەت و سامان، و کارەساتە گەورەکانی لەبیرکردووە.

چۆن دەبێت کورد ئەنفالی بیربچێتەوە، چۆن دەبێت لە جەلادەکانی خۆش بین، بۆچی ئامانجێك تێکۆشانمان کردوو چۆن ئەو ئامانجانەمان لە بیرکرد، بۆ پێش ئەنفال هەموو وەك یەك بووین، ئێستا بۆ ئەوان سەری باڵاخانەو کۆشکەکانیان لە ئاسماندایەو دنیایەك ئۆتۆمبیلیان لە شوێنەو ئێمەش نان نییە بیخۆین، ئاومان دەست ناکەوێت بۆ ئەوەی پێی بژێین، ئەم پرسیارانەو چەندین پرسیاری تر پێویستیان بە وڵام دانەوە هەیەو کەس گوێیان لێ ناگرێت، نەك وڵامیان ناداتەوە.

پرۆسەی ڤڕکردنی کوردو، وێرانکردنی سەرچاوەی داهات و بژێوی ژیانی دانشتوانی لادێ و، خاپوور کردنی لادێکان و بێ سەرو شوێن کردنی خەڵکەکەی، پرۆسەی جینۆسایدی کورد زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە

تەنها لە چوارچێوەی تاوانێکی ناوخۆی و بچووکدا وێنای بکەین و هەموو 14ی 4 ێك یادی ئەو تاوانە گەورەیە بکەینەوەو دانیشین بەدیار گێڕانەوەی چیرۆکە ترسناکەکانییەوە، چ مەرگەساتێکە میللەتێك گەورەترین کارەساتی بەسەر هاتبێ لەسەر دەستی ڕژێمێکی دڕندەو ئاشنا بەخوێن، کەچی دوای تێپەڕینی کەمتر لە 20 ساڵ، ڕزگاربووانی ئەو کارەساتە ئاواتە خوازی مەرگ بن و لەبری گەڕان بەدوای ئێسك و پرۆسکی ئەنفالکراوەکان و قوربانێکانیدا، لەبری یادکردنەوەیەکی سەرتاسەری و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەو دروست کردنی فشار بۆ سەر وولاَتانی جیهان، بۆ بەجینۆساید ناسینی تاوانی ئەنفال کە دەرهەق بەکورد ئەنجام درا، کەچی زۆر بەسادەی ئەو یادە دەکرێتەوەو لە زۆربەی زۆری ئەو بۆنە حیزبی و یادە ناوچەییانە بچوکترو سادەترە کە حزبێك ساڵانە چەندین جار ئەنجامی ئەدا، ئەوەندەی من ئاگادار بم ئەو هەوڵە کەمانەش کە دراون تەنها چەند ڕێکخراوێك و چەند کەسایەتیەکی سەربەخۆ ئەنجامیان داوە، نەك دەسەڵات و حکومەتی کوردی، بۆ هەندێ بۆنەی شەخسی و حزبی ئاساییە لەزاخۆوە تا خانەقین خەڵك بوەستێ، بەڵام لە ڕۆژی یادکردنەوەی گەورەترین تاواندا ئەوەی ئەنجام ئەدرێ زۆر سادەیە، ئەوەبوو پار ساڵ لەکاتی یادکردنەوەی 16 ساڵەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام درا بۆ ڕەخنە گرتن لە خزمەتی قوربانیانی ئەو شارە لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە، بەجۆرێك ئەمساڵ هەڵوێستیان وەرگرت و ناڕەزاییان پیشاندا بۆ هاتنی هەر وەفدێك بۆ کردنەوەی ئەو یادەو بازرگانی پێوەکردنی، 14ی 4 ی ئەمساڵ، 19 ساڵ بەسەر کارەساتی ئەنفالدا تێدەپەڕێت، ئەو پرسیارەی کە دەبووایە دەسەڵاتداران لە خۆیان و دارو دەستەکانیان بیان کردایەت بە پلەی یەکەم ئەوەیە : دوای ئەوەندە ساڵە کە هێندە زۆرە دەکرا شتی زۆری تێدا بکرایە، ئایا چی بۆ کەسوکارو پاشماوەی قوربانیەکان کراوە؟

پار ساڵ لە ڕزگاری ئەگەری ئەوە هەبوو کە لای پەیکەری فەرەنجیدا لەدوای خۆپیشاندانەکەی خەڵکی هەڵەبجە، خۆپیشاندانێك بکرێت بەڵام بە پاساوی جۆراوجۆرو هەڕەشە کردن لە خەڵك، ئەو دەرفەتە لەکیس دەرچوو، دەکرێ دەسەڵاتی کوردی لە بری تەقە کردن بەسەر خۆپیشاندەران و بڵاوە پێکردنیان و هەڕەشە لێکردنیان، شێوازێکی دیکەی بگرێتە بەر، کە خۆی لە خزمەت کردن و هاوکاری کردن و گەڕان بە دوای دیوە نادیارەکانی ئەنفالدا خۆی دەبینێتەوە.

(ڕژێمی بەعس هەموو شتێکی پێ کردین، ڕژێمی بەعس دڕندەو خوێن مژبوو، ئارەزووی کوشتنی هەموومانی دەکرد، بەڵام هەموو پێداویستییەکی بۆ دابین دەکردین) ئەمە ووتەی پیاوێك بوو کە لە سرەی سووتەمەنیدا دواندم، ڕەنگە ووتەی زۆربەمان بێت، یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال لەئەمساڵدا جیاوازییەکەی لەگەڵ پاردا ئەوەیە کە سەرۆکی ئەو ڕژێمەی کوردی ئەنفال کرد، لە سێدارە درا، سەددام حوسێن، لە سێدارە درا، نە لەسەردەمی دەسەڵاتیدا شتێکی لەبارەی ئەنفالەوە ووت، نە لە کاتی دادگایی کردنەکەیدا، ئێستا کە لەسەروبەندی دادگایی کردنی تاوانبارانی بەعسداین لەسەر کەیسی ئەنفال، بە ئامادەنەبوونی سەرۆکی پلەیەك، پرۆسەی دادگایی کردنەکە لە گرنگی خۆی کەم دەکاتەوە، ئەمە سەرەڕای هەموو ئەو کەم و کوتی و کەم تەرخەمییانەی کە کورد لە پرۆسەی دادگایی کردنەکەدا دەینوێنێت،

ململانێ حزبایەتی و شەڕە پەڕۆ هێندە کاریگەرە تەنانەت نەیتوانیوە هەڵوێستی کورد لە بەرانبەر مەسەلە چارەنووسسازەکاندا یەك بخات، ئەوەش کە من بەچاوی خۆم دیم لە $8/21$ لە یەکەم ڕۆژی دادگایی کردنی تاوانباران لەسەر تاوانی ئەنفال لە نزیك پەیکەری فەرەنجی لە ڕزگاری، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە، ئێمە خۆمان نەتوانین ئەو یادە بەرز ڕابگرین و بەدنیای دەرەوەی بناسێنین، ئەی چیمان پێدەکرێت لەسەر ئاستی نێودەولەتی، لاوازی خزمەت گوزاری و سستی لە یارمەتیدانی دانشتوانی دێیەکاندا بە بەراورد لەگەڵ شاروشارۆچکەکاندا، وایکردووە کە دێیەکان چۆڵ بکرێن و خەڵکەکەی بەلێشاو ڕوو بکاتە شارەکان، (ئەو بەرپرسانەی تادوێنێ نانە ڕەقیان دەست نەئەکەوت بیخۆن لە دێکاندا، ئێستا سەردانی دێیەکان ناکەن و ڕەنگە هەر نەزانن لە کوێن)، لە دوای ڕاپەڕین یەکەمین شتی گرنگ کە حکومەتی کوردی ئەبوایە بیکردایە، ئاوەدان کردنەوەی گوندو دێیەکان بوو، بۆئەوەی وەڵامێکی دروستی بەعس بدرایەتەوە کە ئەو شوێنە شوێنی گوزەران و ژیانی خەڵکە، ڕژێمی بەعس زۆر بە بەرنامە ڕێژکراوی هەنگاوەکانی دەنا لە کاتی ئەنفالدا بۆ خاپوورکردنی گوندەکان و لەناوبردنی خەڵکەکەیدا، بەڵام ئێمە لەدوای ئەنفالەوە زۆر بەبێ بەرنامەی ئاوەدانی دەکەینەوە، زۆر بەبێ بەرنامەی ئیشی بۆ دەکەین، یادی دەکەینەوە، زیادەڕۆی نییە بڵێم هەندێ هەنگاوی دەسەڵاتی کوردی چووەتە بەرژەوەندی ڕژێمی بەعسەوە، وەك پاڵپشتی کردن لە تاوانبار (نزار خەزرەجی)، تەماشا کەن دوو شوێنی وەك ناحیەی ڕزگاری و شۆڕش، دوایتێپەڕینی $19$ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا، دانشتوانەکەی لە ئەزمەی سووتەمەنی و ئاوو کارەبادا دەژێت، لە هەڵەبجەدا منداڵ دەبێتە ژێر داروبەردی کەلاوەوە، ئەوە چی ڕزگار بوونێکە لە کارەسات، ژیانی دوای کارەساتت بەهەمان شێوەی پێشووتر ئالوودەی مەرگ بێت.

کاك ئەحمەد کە ڕزگاربوویەکە لە کارەساتی ئەنفال و کە بەڕێکەوت ڕزگاری بوو، ووتی : ( بەعس تابلێی تاوانبارەو کارێکی دڕندەی ئەنجام دا، بەڵام نابێت کورد (هەندێ لەجاش و مستەشارەکان) بە دوور بگرین لەو کارەساتەدا)، دەبێت دەسەڵاتی کوردی شتێك بکات بۆ هەڵەبجەو ئەنفال کە شایانی ئەوە بێت ساڵانە ڕووی بێت ئەو یادە سەربەرزانە بکاتەوە، تا قوربانیان و پاشماوەکان پەراوێزبخرێن و شوێن و ژیان و گوزەرانیان پشت گوێ بخرێت، ئەبێت بەو پەڕی ئامادە باشییەوە ئەو یادە بکرێتەوە، نەوەك خۆپیشاندان ڕووبدات، دەسەڵاتی کوردی بەقەتە کردن لە خۆپیشاندەران، دەڵێ ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاستە، سەدام لە سێدارە درا، ڕژێمی بەعس لە ناوماندا نەما، بەڵام کوا ژیانمان هەروەك خۆیەتی، پەیکەری فەرەنجی و مۆنۆمێنتەکەی هەڵەبجە، ڕووی دەرەوەی خزمەت گوزاریەکانن، بپرسن چیتان کردووە بۆ دیوی ناوەوە، خۆتان تەماشا بکەن و بڕوا بەوانە مەکەن کە دڵخۆشتان دەکەن، هیچیان ناوێت، بەس ئەیانەوێت بژێن.

یەکێك لەو هۆکارانەی لە دڕندەی بەعسی کەم کردەوە، یەکێك لەو هۆکارانەی لە گەورەی تاوانی ئەنفالی کەم کردەوە، یەکێك لەو هۆکارانەی کە خەریکە ڕووی ڕەش و قێزەوەن و دڕندە ئاسای بەعس، دەکاتە فریشتە، کۆی ئەو سیاسەت و کارو کردەوانەیە کە ڕۆژانە دەبینرێن، حکومەتە کەی عێراق چی کردووە بۆ کورد، چی کردووە بۆ عێراق، ژمارەی کوژراوەکانی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس زیاترە یان هین ئێستا؟، ئەو

**سەروەت و سامانەی دەدزرێت چەند قاتی دزییەکەی بەعس و پیاوەکانێتی، (بەعس ژیانی دابین دەکردین، لە بەرانبەردا ئازادی لێ دەسەندیینەوە، دەسەڵاتی ئەمڕۆ ژیانی لێ سەندووینەتەوە لە بەرانبەر نیمچە ئازادییەکدا)، ئەمە دواین ووتەی ئەو پیاوەبوو تفی لە بەعس و سیاسەتەکەی دەکرد!**